# گوێچکه سۆ و ئەنتیبایۆتیك

ساڵی 2004 پسپۆرانی سوێدی بواری لووت و گوێ و گەروو گەیشتنه ئەو ئەنجامەی كه پێویسته پزیشك زۆر وردتر بێت له چارەسەركردنی گوێچكەسۆی منداڵدا به پەنسیلین. به ڕای ئەوان گەر زارۆك تەمەنی له سەروو 2 ساڵانەوە بێت ئەوا پێویست ناكات ئەنتیبایۆتیكی بدرێتیٚ .

لەبەرئەوەی ئەنتیبایۆتیك هیچ گۆرانكارییەك له چاكبوونەوەی سۆكەدا ناكات و لەوانەشه سۆكه بەرگری دژی ئەنتیبایۆتیكەكه MRSA پەیدا بكات و بەوانەیه پاشتر زیانی گەورەتر له منداڵ بدات و ئەوسا نەتوانرێت به ئەنتیبایۆتیك سۆیەكی دی چاكبكرێتەوە .

به پێی توێژینەوەكانی ئەوان پێویسته پەنسیلین بدرێت بەو منداڵانەی كه تەمەنیان له ژێر 2 ساڵانەوەن به مەرجێك پزیشك دڵنیا بێت كه :

- منداڵەكه تووشی گوێچكەسۆ بوە و سۆكه كاری كردۆته سەر باری تەندروستی زارۆك .
- مەترسی كون بوونی پەردەی گوێی لێدەكرێت .
- چەند جارێك تووشی هەمان گوێچكەسۆ بووە .

ئەوان وای به باش دەزانن كه وردتر به (گوێچكەبین) سەیری گوێچكه بكرێت . به پێی نیشانەكانی وەك ئازار، پێویسته ئازارشكێنی پیٚ بدرێت به تایبەتی پاراسیتامۆل له شێوەی شلەدا .

**سەرچاوە**

سوود له ماڵپەری www.tryggabarn.nu ی ڕۆژی 23 ی مارسی 2005 وەرگیراوە .